

## دكتۆر زوهدی داودی له  پێشانگای فرانكفۆرت سمیناری ڕۆشنبیرودەسەلاتی  پێشكەش كرد

ئەمڕۆ 11 ی‌ئۆكتۆبەر لە كات 5 ئێوارە دكتۆر زوهدی داودی لە ستاندی كوردستان سمینارێكی لەژێر ناوی ڕۆشنبیرو دەسەلات پێشكەش كرد،مامۆستا جمال خزنەدار كۆڕەكەی بەرێوە دەبرد،ژمارەیەكی بەرچاو لە هاوو لاتیانی كورد وئەندامانی هەلسوڕێنەری ستاندی كوردی ئامادەی كۆڕەكەبوون،دكتۆر لە بابەتەكەی دا باسی پەیوەندی نێوان ڕۆشنبرو دەسەلاتی كرد ،دەسەلات وەكو سیاسی چ ڕۆڵ دەبینێ ڕۆشنبیریش وەك ڕۆناكبیر چ دەور دەبینێ لە ژیانی ڕۆژانە دا لە پەیوەندیكان دا تا چەند ئەم دوولایە نە كۆك وتەبا دەبن لەگەل یەكتری ،نمونەی لەسەر دستۆڤسكی هێنایەوەكا تێ سەر نوسەری گۆڤارێك بووە باری ژیان وگوزرەانی چۆن بوەو، لەم كاتدا هەلوێستی لە بەرامبەردەسەلات چی بووە ،لە دوایی تەواو بونی بابەتەكە دەرگای گفتوگۆ كرایەوە زۆرێك لە ئامادەبوان بەشداری گفتوگۆكانیان كرد وەك بەڕێزان : د. عبداللە،م. نیهاد .ئەدیب چەلكی. بەندە،اسماعیل زاهیر، اسۆ خانەقینی،چەند كەسێكی تر،سمینارەكە سەر كەوتوانە كۆتایی پێهات.

تا ڕادەیەكی باش میوانانی بیانی وكورد سەردانی ستاندی كوردیان كرد،مدالیاونەخشەی كوردستان وئەتلەسی كەركوك وچەندین بەلگەو وێنەی كوردستان، سیدی فلیمی پێشەوا قازی محمد، كە بۆ ئەم مەبەست ئامادە كرابون درا ن بە میوانانی ستاندی كوردی،چەند دیمەنێكی چالاكی وكوردانی بەشدار بووئیمڕۆ.



ئامادەبوانی سمینار



م.نیهاد،یوسف، تامان شاکر،د.سەروەر عبدالله.د.زوهدی داودی،م.جمال خزنەدار




اسۆ،ئامانج،م.فرهاد،اسۆخانەقینی

یوسف مەنتک/ فرانکفۆرت /ئەلمانیا